


# کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووریی لەسەر خێزان

بڕینی بودجەو مووچەی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغداو هاوکات دابەزینی نرخی نەوت و تێچووی شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعش و هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە ئاوارەکانی شەڕ بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، قەیرانێکی گەورەی ئابووری لێکەوتووەتەوە کە بە سەختی بەرۆکی حکومەتی گرتووەو کێشەیەکی زۆریشی بۆ زۆربەی خێزانەکان و بەتایبەتی توێژی مووچەخۆران دروست کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوەکانی بەدیهێنانی خەونە نەتەوەییەکان لە گەیشتن بە ئامانجە مێژووییەکەی کوردان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نزیک دەبێتەوە، بۆیە هاووڵاتییان سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییە، خۆڕاگرانە پاڵپشتیی حکومەتی خۆیان دەکەن، هاوکات داوای هەوڵ و کاری جددیتر لە حکومەت دەکەن بۆ ئەوەی لەو قەیرانە دژوارە رزگاریان بکات. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتە راوسەرنجی خۆیان بۆ گۆڤاری گولان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا شیلان بیبانی شرۆڤەکاری ئابووری و خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕی کار، باسی ئەوە دەکات، ئابووری (ئیکۆنۆمی) بەمانای ماڵداری دێت، واتە وشەکە مەبەستی ئەوە دەگەیەنێت کە ئابووری بە تەواوەتی کاریگەری لەسەر ئاستی ماڵ و خێزان دەبێت و تەنانەت لە خێزان و ماڵەوە هەڵدەقوڵێ، گوتیشی: «هەڵبەتە ئەم قەیرانە ئابوورییە سەختەی ئێستای وڵات بە هۆی نەمانی داهاتی خێزانی، یاخود کەمبونەوەی دەستهاتی تاکی وایکردووە بە تەواوەتی بژێوی ژیان بۆ ئەوپەڕی سەختی بڕوات، چونکە لە وڵاتی ئێمە زۆربەی خەڵك مووچەخۆرن و کێشەی ئابووریی وڵات و پێنەدانی مووچە وایکردووە تێکرای بازاڕ و پرۆژەکان و بەتایبەت گوزەرانی ژیانی خێزان روو لە ئاڵۆزی و بارگرانی بکات».

**ئەرکی حکومەتە کە دیراسەیەکی مەیدانی لە سەر گوزەرانی تاکەکان بکات، بۆ کەمکردنەوەی ئەو ناهەوسەنگییەی کە ئەمڕۆ بوونی هەیە**

بیبانی ئەوەشی خستەڕوو کە «لە عێراقدا ١٤٪ کەمبوونەوە لە داهاتی تاك هەیە، هەر کات ڕێژەی داهاتی تاك روو لە کەمبوون بکات، ئەوا ئەو وڵاتە بەرەو هەژاری و بێکاری دەڕوات، گوتیشی: «دوو فاکتەر وڵات و تاك و خێزان تێکدەشکێنن، یەکەم جەنگ و ئەویتر ئابورییە، بەداخەوە ئێستا کوردستان لەبەردەم ئەم دووحاڵەتەیە، بیگومان خێزانیش قوربانی یەکەمن و هەر لەم ساڵەدا ڕێژەی هەژاری و بێکاریش زیادیکردووە، بە دڵنیاییەو بڕبڕەی راگرتنی خێزان و ماڵ بریتییە لە ئابووری، هەرکات داهات نەما و ئابوری خێزان رووی لە کزی کرد، ئەوکات گەورەترین کێشە دروست دەبێت لەناو ئەو خێزانەدا، کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر دەروونی هەریەك لە تاکەکان، ئابووری تاکیش پابەندە بە ئابووری وڵاتەوە، هەرکات ئابووری وڵاتێك بڕووخێت، ئەوا راستەوخۆ ئابووری تاکیش روو لە داڕووخان



**بەغدا مووچەی خەڵکی بندەستی داعش دەنێرێت، کەچی قاسەی بەتاڵ نیشانی وەفدی کوردی و حکومەتی هەرێم دەدات**

دەکات، کە لەوانەیە لێکتێنەگەیشتن و ناتەبایی و زۆر کێشەی خێزانی دروست بێت لە ئەنجامی ئەو بارە ناهەموارە، ئابووریناسان کە باس لە تێکشکاندنی وڵاتێك دەکەن، دەڵێن: بەهێزترین چەك چەکی ئابوورییە، بۆیە لەوانەیە خێزانیش بە هەمان شیوەی وڵات بەو چەکە بشێوێت و بکەوێتە گەورەترین ناخۆشی و نەهامەتییەوە» .

پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د.ئومێد قادر، ئاماژە بەوە دەکات کە جەنگ و ماڵوێرانی گەورەترین ئاسەواری دەروونی درووستدەکەن، هاوکات دەڵێت: «کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵگاکانی دیکە و بەدەر نییە لە کێشە و گرفت و هەژاری و نەخۆشی، بەتایبەت لە ئێستادا کە باری ئابووریمان تێکچووە و تووشی جەنگێکی سەختیش بووین». ئەو پزیشکە دەروونناسە هێمای بۆ ئەوە کرد کە بەپێی توێژینەوەکان و بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO دەرکەوتووە ١٦٪ی هەموو کۆمەڵگەیەك نەخۆشی دەروونییان هەیە، گوتیشی: «بەپێی لێکدانەوەکانمان وەك پسپۆڕانی دەروونی ئەگەری زیاتری ئەو ڕێژەیە لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەیە، بەهۆی ئەوەی ساڵانێکی زۆر تووشی شەڕ و کوشتار و نەهامەتی و نارەحەتی و نەبوونی بۆتەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە».

چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی چیمەن ڕەشید، ڕایوایە: «لە رووی گوزەرانی و ژیانکردنەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو چینی جیاواز دابەشبوون، چینێکی زۆر دەوڵەمەند و چینێکی زۆر هەژار، بێئەوەی چینی ناوەند بوونی هەبێت، دەکرێ حکومەت ئاوڕی زیاتر لەچینی گەنجان بداتەوە، ئەو گەنجانەی لەسەرەتای دەستپێکی ژیاندان، گەنج لەوڵاتی ئێمەدا هەلی زەواجکردنی بۆ ئاسان نەکراوە، ئەگەر ئەو ژیانەشی دروستکرد خۆی دەداتە دەست بێڕەحمیی بازاڕ و خۆی بۆ ژیانێکی مەمرەومەژی ئامادە دەکات، لەلایەکی دیکەوە کەرتی تایبەت ئەوەندەی بێکاری بۆ گەنجانی ئەو وڵاتە هێناوە، نیو ئەوەندە نەیتوانیوە کێشەی بێکاری چارەسەر بکات، چونکە هەر کۆمپانیایەکی بیانی کە دێتە هەرێم ئەندازیار و کرێکاری بیانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لێرەدا ئەرکی حکومەتە کە دیراسەیەکی مەیدانی لەسەر گوزەرانی تاکەکان بکات، بۆ نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی ئەو ناهەوسەنگییەی ژیانکردنە کە ئەمڕۆ بوونی هەیە».

پسپۆڕی ئابووری سەرباز عەوڵا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لەهەر بارودۆخێکدا بێت، دەبێ



دەوڵەت بەرپرسیارێتی ئاستی گوزەرانی تاك بە تاکی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێ، هەڵبەت ئەمەش کۆمەڵێ ڕێوشوێن و ڕێکاری تایبەت بە خۆی هەیە»، هاوکات دەڵێت: «ئەگەر سەیری ئەزموونی وڵاتن بکەین بە نموونە هەندێ وڵات ڕێگری دەکەن لە زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان و خێزان، چونکە دواجار دەبن بە ئەرك بەسەر حکومەتەوە بە دابینکردنی بڕێك لە داهاتەکەی بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و.. هتد، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا چ لەسەر ئاستی تاك چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ نەکراوە، لە کاتێکدا ئاستی تاکەکان لەم ڕووەوە لاوازە، خێزانێکی زۆر دەبینین وەچە دەخەنەوە بێئەوەی دابینکردنی پێداویستییەکان لەبەرچاو بگرن، بەدڵنیاییەوە ئەمەش ئاسەواری خراپی لەسەر تاك و کۆمەڵگە دەبێت و گرژی و ئاڵۆزی سیاسی لەناوخۆی وڵات دەخولقێنێ، هەموومان دەزانین کە شۆڕشی بەهاری عەرەبی لە گەنجێکەوە دەستی پێکرد کە دەرچووی زانکۆ بوو، بەڵام بە ناچاری بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی عەرەبانەیەکی کڕیبوو، کاتێك پۆلیس عەرەبانەکەی تێك و پێك دەدات، ئەو گەنجە ئەو ناهەقییە قبووڵ ناکات و ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات، نموونەی لەمجۆرەش لە کۆمەڵگەدا چاوەڕوانکراوە، لەلایەکی دیکەوە قەیرانە ئابوورییەکان ڕەنگدانەوەی خراپ لەسەر خێزان بەجێدەهێڵن، کە ڕەنگە خێزان نەتوانێ تاکێکی باش و تەندروست ئامادەبکات و پێشکەشی کۆمەڵگەی بکات، بەتایبەتی خێزانێك کە هۆشیاری و ڕۆشنبیری و فەلسەفەی ئابووری نەبێت، بە واتایەکی تر وردبین نەبێ لەبیرکردنەوەدا بۆ بارودۆخێکی چاوەڕواننەکراوی لەمجۆرە ئامادەباشی هەبێت، واتا لەو مووچە و داهاتەی کە هەیەتی بەشێکی بۆ خەرجی ڕۆژانە تەرخان بکات و بەشەکەی تریشی بۆ پاشەکەوت، بەداخەوە ئەوە لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بوونی نییە».

ڕۆژنامەنووس سۆران ڕەشید سەبارەت بە دۆخی ئێستای کوردستان و باری ئابووریی خێزان بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت: «بێگومان داهاتی خێزان بە ئابووری وڵاتەکەیەوە گرێ دراوە، ئابووری و کاریگەرییەکانی ئەم چەمکەش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەکێك لە فاکتەکانی ژیانە و گەشەی ئابووری، یان داڕووخانی ئابووری، ڕاستەوخۆ لە بەهێزی و لاوازیی هەر دەوڵەتێکدا ڕەنگدانەوەی دەبێت و هەموو هاووڵاتییەکیشی دەگرێتەوە. لە باشووری کوردستانیش سەرەڕای کەموکورتییەکان و لاوازیی پلاندانی دەسەڵات بۆ دروستکردنی وڵاتێکی پیشەیی و بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەنعەتی و تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنان، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو تا ڕاددەیەك گەشەی ئابووری و بەرفراوانکردنی خزمەتگوزارییەکان و زیادبوونی هەلەکانی کار و زیادبوونی داهاتی تاك هەستی پێدەکرا، گەرچی سیاسەتی ئابووریی هەرێم پاشکۆی سیاسەتی ئابووریی عێراق بووە و دەسەڵاتی جێبەجێکار تەنیا بە پشت بەستن بە نەوت کاری کردووە، لە پاش بڕینی بودجە و مووچەی هەرێم لە لایەن سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق (مالیکی) گوشارێکی زۆر کەوتە سەر حکومەتی هەرێم، ئەو گوشارەش بە هاتنی بەلێشاوی پەناخوازان و ئاوارەکانی شەڕ بۆ کوردستان و شەڕی داسەپاوی تاریکپەرستانی داعش بووەتە قەیرانێکی گەورەی دارایی و تا هەنووکەش حکومتی بەغدا هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵنەگرتووە، گوتیشی: «عەبادی هەمان سیاسەتی مالیکی پەیڕەو دەکات. مووچەی خەڵکی بندەستی دەوڵەتی ئیسلامی دەنێرێت، کەچی قاسەی بەتاڵ نیشانی وەفدی کوردی و حکومەتی هەرێم دەدات، ئەوەش لە هەلوحەرجێکدا کە کورد لە بری هەموو جیهان لە سەر زەوی شەڕی تیرۆر دەکات، جیهادییەکان بە شیعە و سوننەوە هەڕەشە لە کورد دەکەن، هێزەکانی پێشمەرگە بە خۆنەویستی و گیانبازی لە سنوورێکی بەرفراوان لە شنگالەوە تا جەلەولا شەڕی داعش دەکەن، کۆی ئەمانە هۆکاری لاوازبوون و داڕووخانی ئابووری وڵاتن و ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر خێزانەکانیش داناوە، تەنانەت وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەتیش کارەکانیان ڕاگرتووە و دەرفەتەکانی کار زۆر کەم بووە، هەموو فشارەکانیش بەو ئاراستەیەن کە کورد لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ پاشگەز بکەنەوە، بەڵام ئەو خەونە درەنگ، یان زوو دێتەدی، بەتایبەت کە لە ئێستادا عەرەب گوتەنی کورد (لاعب سیاسی)یەکی جیهانییە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گوێی لێ دەگرن و پشتیوانی دەکەن. بۆیە ئەم دۆخە دەخوازێ دەسەڵات و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە یەکڕیزییەکی بێ هاوتا و تاکی کورد و هاونیشمانییانیش بە خۆڕاگرییەکی پێشمەرگەئاسا هەمووان پێکەوە هەوڵی پاراستنی دەستکەوتەکان بدەین و ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە تا ئێستاش تەرمی لە خوێن گەوزاوی پێشمەرگەی وڵاتپارێزمان بۆ دێتەوە.»

**زۆربەی خەڵک مووچەخۆرن و کێشەی ئابووریی وڵات و پێنەدانی مووچە وایکردووە تێکرای بازاڕ و پڕۆژەکان و بەتایبەت گوزەرانی ژیانی خێزان ڕوو لە ئاڵۆزی و بارگرانی بکات**

**لەهەر بارودۆخێکدا بێت، دەبێ دەوڵەت بەرپرسیارێتی خۆی لە ئاستی بژێوی تاک بە تاکی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێ**




# هەڵەیەک خۆشەویستییەکی بێخەوش دەڕووخێنێ

خۆشەویستیی نێوان کچ و کوڕی کورد بە درێژایی مێژوو بێگەرد و پڕ لە قوربانیدان بووە، تا ئەم سەردەمەش زۆرێک لەو خۆشەویستییانە پابەندن بە یەکتری و وەفاداری و خاوەن بەڵێن بوون، مەرجی سەرەکیی خۆشەویستانە بۆ ئەوەی پێکەوە بناغەی ژیانێکی هاوبەشی خێزانی بونیاد بنێن، بەڵام هەندێ جاریش رووداوە سەیرەکان بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێ، ئەو دڵە بێگەردانە لە یەکتری دوور دەخاتەوە، ئافرەتێکیش کە نموونەی ئەو چارەنووسەی بەسەرداهاتووە، باسی ئەوە دەکات کە دوای بیستنی هەواڵێکی هەڵەو ناڕاست لە رکی خۆشەویستەکەی بەپەلە هاوسەرگیری کردووە و دوای ئەوەی بووە بە دایکی دوو منداڵ، راستییەکەی بۆ ئاشکرا بووە کە خۆشەویستەکەی گەورەترین قوربانی بۆ ئەو داوە، بەڵام خۆی گوتەنی لەگەڵ قەدەر هیچ ناکرێ و داوا لە هەموو ئافرەتێکیش دەکات کە بڕیاری بەپەلە نەدەن و یاری بە چارەنووسی خۆیان نەکەن.

چنوور ئافرەتێکی بەژن باریك و باڵابەرز و سەرنجڕاکێشە، ئەو کراسێکی مۆری پۆشیوە و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی دەکات:

«کاتی خۆی کوڕی دراوسێکەمان زۆر منی خۆش دەویست، منیش هەر گرنگیم پێ نەدەدا، تەنانەت سەیریم نەدەکرد، بەڵام دواتر ئەوەندە بەردەوام بوو، ئیتر وایکرد دڵی منی بردو بۆ ماوەی چوار ساڵ ئێمە خۆشەویستی یەکتر بووین، دواتر ماڵمان لەو گەڕەکە ڕۆیشت و ئیتر یەکترمان بزر کرد، بەڵام من هەر لەناخەوە خۆشم دەویست. ڕۆژێك لە بازاڕ دایکم دایکی ئەو کوڕەی بینی، بە حوکمی ئەوەی دراوسێ بووین، دایکم لە منداڵەکانی پرسی و ئەویش گوتی: وەڵا کوڕەکەم ژنی هێناوەو کچەکەم شووی کردووە، ئیتر ئێمە نەمانپرسی کام کوڕی ژنی هێناوە، منیش بیرم هەرلای ئەو بوو، لەو کاتەوە دڵم سارد بووەوە، لەو ڕۆژەوە من بەردەوام کارم بووە گریان، بڕوام وابوو ئەو منی لەیاد کردووە، بۆیە بڕیارم دا لەمەو پاش هەر کەسێك بێتەداوام، شووی پێبکەم و چیتر چاوەڕێی نەکەم. زۆری پێ نەچوو ئامۆزایەکی باوکم هاتە خوازبێنی من بۆ کوڕەکەی، منیش ڕازی بووم، دوای ئەوە شووم کرد، زۆر خۆشحاڵ بووم، هاوسەرەکەم پیاوێکی زۆر باشە و سوپاس بۆ خوای گەورە تا ئێستاش هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام نازانم بۆچی ئەو کوڕەی هاوسێمان لە خەیاڵم دەرنەدەچوو، تەنانەت نەشمدەزانی چۆنە، بەڵام من هەر خۆشم دەویست، چونکە خۆشەویستی ئێمە زۆر پاك بوو. ژیانمان تێپەڕی و من بووم بە دایکی دوو منداڵ، ڕۆژێکیان سەردانی ماڵی دایکم کردو دایکم گوتی: ئەرێ دەزانی ئەو دراوسێیەمان خزمی ماڵی فلانە، ئیتر دڵم ترپەیەکی کردو هەر جارەو دەچووم بۆ ماڵی دایکم، لەو دراوسێیەمان نزیکتر دەبوومەوە، تا زۆر بووین بە هاوڕێ، ڕۆژێکیان باسمکرد کە جاران تا چەند ئەو کوڕەی خزمی ئەوانم خۆش ویستووە، ئەویش یەکسەر گوتی: ئەوە تۆ شێت بووی؟ دەزانی ئەو چەندە لەدوای تۆ گەڕاوە؟ تۆ هەموو ژیانی ئەوت تێکدا، منیش گوتم: من بۆچی؟ ئەی خۆی بۆ ژنی هێنا؟ کەچی گوتی: ژنی چی، ئەو تائێستاش ژنی نەهێناوەو هەر چاوەڕێی تۆ دەکات، تەنانەت برابچووکەکانی هەموو ژنیان هێناوە، ئەو هەر شێتی تۆیەو ئامادە نییە ژن بهێنێ. چۆن بوو وا لە یەکتر دابڕان؟ کە ئەوەم بیست وەك شێتم لێهات، هەموو بەسەرهاتی خۆمانم بۆ باس کرد و زۆر گریام.تا نزیکەی مەغریب لای دراوسێکەمان دانیشتم، دواتر چوومەوە ماڵی دایکم شیوم بۆ نەخورا، گوتم نەخۆشم. هەمان شەو دراوسێکەمان هات لەمنی پرسی و بە بن گوێمدا گوتی: وەرە بۆ ماڵی ئێمە، کەسی لێ نییە، ئیشم پێتە، ئیتر کە چووم ئەو کوڕەم بینی کە بۆ چەندین ساڵ ونم کردبوو، ئەویش نەیزانیبوو من شووم کردووە، خزمەکەشیان پێی نەوتبوو، کە چوومە ژوورەوە و بینیم هیچم بۆ نەکراو بە بێ ئیرادە دەستم لە ملی کرد، ئەویش منی لەباوەش گرت، تا کچەکەم لەدوام هات و لە حەوشەوە بانگمی کردو بانگمی کردو گوتی: دایە وەرە بابە ئیشی پێتە. خۆشەویستەکەم تووشی شۆك بوو، گوتی: ئەوە کێیە؟ گوتم کچمە. یەکسەر منی لەباوەشی فڕێ داو گوتی: چۆن ئەم شتەت کردووە؟ باسی خۆی کردو گوتی: من تا ئێستاش ژنم نەهێناوەو هەر چاوەڕێی تۆ دەکەم، ئەوە چەند ساڵە ژیانم بووە بە دۆزەخ و نەمدەزانی بۆ کوێ بارتان کردووە؟ ئەو چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و منیش خۆم بە گەورەترین تاوانبار دەزانی. کچەکەم ناردەوە بۆ ماڵی دایکم گوتم بڵێ وا دێمەوە. بۆ نیو کاتژمێری دیکە لە تەنیشتی دانیشتم، دڵی خۆم بۆ ئەو باس کرد، ئەوەشم بۆ گێڕایەوە کە دایکی گوتوویەتی کوڕی ژنی هێناوە، ئەویش براگەورە بوو، وامزانیوە باسی ژنهێنانی ئەوی کردووە، بەڵام تازە هیچ نەدەکرا. دایکایەتی دوو منداڵ و پابەندبوون بەرامبەر بە هاوسەر وایکرد خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەم بفەوتێنم، بۆیە هەردووکمان بڕیارمان دا ئەوە دوادیدار و دوافرمێسکمان بێت و هەر کەس دوای ژیانی خۆی بکەوێت، بەڵام من هەتا مردن هەست بە تاوان دەکەم».



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**پابەندبوون بە هاوسەر و منداڵ وایکرد خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەم بفەوتێنم**

**هەردووکمان بڕیارمان دا ئەوە دوادیدار و دوافرمێسکمان بێت و هەر کەس دوای ژیانی خۆی بکەوێت**